# چڕنووک

**سادق هیدایەت**
**لە فارسییەوە: مقداد شاسواری**

سەید ئەحمەد هەر ئەوەتای پێی خستە ماڵەوە، نیگایەکی تیژی گوماناوی پاشیە دۆرماندۆری حەوشەکەوە، ئەوجا بەو گۆچانەی دەستی بەهێواشی لە دەرگا قاوەییەکەی ئەو ژوورەی دا، کە دەکەوتە هنداو ئەو عەمباراوەی لەژێر زەوییەکەدا ئاویان تێدا پاشەکەوت دەکرد و بەدەنگێکی کپەوە گوتی:

- ڕوبابە... ڕوبابە...!

دەرگاکە کرایەوە و کچێکی ڕەنگ هەڵبزرکاو، کە ترس و تۆقین لە ڕوخساری دەباری هاتە دەرەوە:

- کاکە تۆی؟ وەرە سەرەوە.

دەستی براکەی گرت و چوونە نێو ژوورێکی بچووک و تاریک، کە پێیەوە دیاربوو هەتا ناوەڕاستی دیوارەکانی، شێ و تەڕەشوع دایپزاندبوو. سەید ئەحمەد گۆچانەکەی لە ژوورەکەدا لەلایەک دانا و لەسەر کۆنە لبادێک کە لە سووچێکی ژوورەکەدا داندرابوو ڕۆنیشت. ڕوبابەش لە بەردەمی ئەودا هەڵکورما، بەڵام پێچەوانەی جارانی، ڕوبابە گرژ و مۆن و بێ تاقەت بوو. سەید ئەحمەد دوای ئەوەی ماوەیەک لە چاوە تەڕ و فرمێسکاوییەکانی خوشکی ڕاما، هەندێک بە سەرگرانییەوە لێی پرسی: باجی لەکوێیە؟

ڕوبابە بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: سەراوگوڕ بێ یاخوا، لە ژوورەکەی ئەولا خەوتووە!

- خەوتووە؟

- بەڵێ، ئەمڕۆ لە کاتێکدا ژووری چێشت لێنانم گەسک دەدا، لەچکی عەباکەم لە ترارە فەخفورییەکە گیر بوو، ئەها نەخشی گوڵی سووری بەسەرەوە نەخشێنرابوو، جامەکەش بۆخۆی کەوتە سەر عەرد و شکا، بریا لێرە بوویتایە و بتبینیایە و بزانی باجی چی بەسەرم هێنا، گاور بە چاوی خۆی نەیبینێ. هەر جارێ چنگی لەو کەزی و بسکەم گیر دەکرد، قامک قامک قژی لە سەر و پرچم دەردەهێنا، سەرمی لەنێو دەستەکانیدا گرتبوو، بە هەموو هێزی خۆی دەیدا بەو دیوارەدا، جوێنی بە دایکم دەدا، دەیگوت ئەو دایکە گۆڕ بەگۆڕەت، باوکیشم بە دیارمانەوە وەستابوو هەر پێدەکەنی.

سەید ئەحمەد بە تووڕەییەوە گوتی: پێدەکەنی؟!

"ئەوەندە پێکەنی، دەزانی دۆخی دەروونی تێکچوبوو کاکە، وەک یەکێ ئەقڵی خۆی لە دەست دابێ، تێکچوبوو، ئەها، مانگێک پێش چی لێ هات، پاشان لە هێکرا خەریک بوو بەلایەکدا بکەوێ، کەف کەوتە سەر دەم و لێوی. ئەوجا پەلاماری باجی دا، هەردوو دەستی لە قوڕگی گیر کرد و هێندە بە توندی ئەوکی گوشی، خەریک بوو هەردووک چاوی باجی فلقەی بێ و

دەرپەڕێ. ئەگەر لەو دەمی "ماھ سولْتان" نەگەیشتبایە، دەیخنکاند. تازە زانیم دایکمانی چۆن کوشتووە"!

شەوقێکی سەوز لەنێو چاوەکانی سەید ئەحمەد بریقەی دایەوە و گوتی:

– کێ گوتی دایکمانی ئەوھا کوشتووە؟

– ماھ سولْتان بوو، یەکەم جار گەیشتە سەر تەرمی دایکم، ئەو دەیگوت ئەو کەزی و بسکەی دایکمی ئاوھا بە دەوری قورگیدا ئالاندبوو، نەتبینی کاتێ چڕنووکی لەبینە قاقای باجی گیر کرد.

سەید ئەحمەد ھەر وا کە نیگا غەزەباوییەکەی بەسەر روخساری پەشۆکاوی خوشکیدا چەقیبوو، ھەردوو دەستە وشک ھەڵگەڕاوەکانی خۆی وەک دوو گەڵای دارچنار بەرز کردەوە، پەنجەکانی لێکدی کرانەوە، وەک ئەوەی کەسێکی وەھمی لە ھەوادابێ و ئەویش پەنجەکانی لە ھەوکی گیر بکات و بیەوێ بیخنکێنێ، پەنجەکانی ھەردوو دەستی تێکدا قفڵ کرد.

ڕوبابە کە چاوی لەسەر براکەی بوو، لە ترسا ھەندێ لێی دوورکەوتەوە و بە ترسەوە لێی دەڕوانی. سەید ئەحمەد دیسان لە خوشکەکەی پرسی:

– ئەدی باوکم ئەمڕۆ نەچووە مزگەوتێ ؟

– نە.. نەچوو.. تەندروستی باش نەبوو. ھەر لە پاش نێوەڕۆیەوە، قسەی ھەلەق و بەلەقی دەکرد. ھەر لەو جۆرە قسانەی لەناو مزگەوتدا بۆ خەڵکی دەیکا: "غوسڵ و لەشپیسی ئاوھا دەردەکرێ و تارەتگرتن ئاوھا دەکرێ و ھەندێ شتیشی لەبارەی مردن و ئەو دنیا دەکرد. ئەو شتانەی ڕۆژووی پێ دەشکێ و سووری مانگانە و بێ نوێژی و چۆنێتی پاککردنەوەی خوێنی دوای زایین و منداڵبوون و...تاد"! بەخۆی پرسیاری لە خۆی دەکرد و ھەر بە خۆیشی وەڵامی خۆی دەدایەوە. من خۆم پێموایە شێت بووە. ھەندێ شتی دەوت من لە شەرما جێم پێ جێ نەبوو."

دواتر ڕوبابە لە براکەی نزیک بوویەوە و دەستێکی بەسەریدا ھێناو گوتی:

– ئەدی کەی ھەڵدێین؟ تۆ خۆ گوتت "عەباس" دەڵێ بە یازدە تومەن و شەش قران دەتوانین مانگایەک بکڕین. ئێمە کە پارەمان کەمترە خۆ دەتوانین مانگایەکی لەڕولاواز بکڕین. منیش جل و جۆری خەڵکی دەشۆم و پارەیەک بەسەریەکەوە دەنێم، ببینە کاکە ھەتا زووتر لەم

ماڵە بڕۆین و ھەڵبێین باشترێکە. من دەترسێم!"

– با کەشوھەواکەی ھەندێک خۆشتر بێ، چەند ڕۆژێکە ئازارێکی زۆر لە پێیەکانمدایە.

پاشان ھەردووکیان وسکت و بێ دەنگ بوون.

ئەحمەد گەنجێکی باڵا بەرز و ھەژدە ساڵان بوو. دوو بڕۆی پڕ و پێکەوە لکاوی ھەبوو. دایمەن شەوقێک لەنێو ھەردووک چاوی دەبریقایەوە. ڕوخساری بەردەوام غەزەباوی و تووڕە دەینواند و تازە بناغەی سمێڵی دانابوو.

ڕوبابە تەمەنی پازدە ساڵان بوو، ڕوخسارێکی گەنمڕەنگی ھەبوو. برۆکانی تەنک و لێوەکانی پڕ و سوور بوون، دوو دەستی بچووک و چەناگەیەکی باریکی ھەبوو، شێوەی زیاتر چوبووەوە سەر دایکی، بەڵام سەید ئەحمەد لە شێوەدا وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ باوکی ھەبوو، تەنانەت نەخۆشییە ترسناکەکەی باوکی لەودا بە زەقی دەرکەوتبوو.

سەید جەعفەری باوکیان، کاری ڕۆژانەی ئەوەبوو دەچووە حەوشەی مزگەوت و خەڵکێکی بێکاری لە دۆرماندۆری خۆی کۆدەکردەوە و وەڵامی پرسیارە شەرعیەکانی ئەوانی بێ شەرم و سڵەمینەوە دەدایەوە و لە بەرانبەردا پوولێکی لێ وەردەگرتن.

لەو کارە نمایشییەی خۆیدا، ھێندە شارەزاییەکی زۆری پەیدا کردبوو، لەکاتی فرۆشتنی نوشتە و دوعاکاندا دووپشکێکی دەستەمۆی، کە ژەھرەکەی لێ کێشابوو، بۆیان نمایش دەکرد. ھەرچەندە لەم دواییانەدا کارەکەی لە گەرموگوڕی کەوتبوو، بەڵام خەرجی و مەسرەفی ڕۆژانەی ماڵەوەی ھەر چنگ دەکەوت. پێنج ساڵ لەمەوبەر درەنگانی شەوێک، کە ھەمووان نووستبوون، بە سەرخۆشی گەڕایەوە ماڵ و بۆ سبحەینەکەی تەرمی "سوغرا"ی ژنیان بە خنکێنراوی لە ژووری ئەودا دۆزییەوە، بەڵام ھیچ کەسێک ھێندەی تۆسقاڵێکیش گومانی نەچووە سەر ئەوەی سەید جەعفەر ژنەکەی خۆی خنکاندبێ و ھەمووان وایانزانی ژنەکە بەھۆی نەخۆشییەوە مردووە. بێجگە لە ماھ سولْتان، زڕ خوشکی سوغرا، کە ئەو سەید جەعفەری بە بکوژی سوغرا دەزانی.

دوو مانگ دواتر، سەید جەعفەر لەگەڵ "ڕوقیا سولْتان" ھاوسەرگیری کرد. ڕوقیا سولْتان لەوبەدوا وەک

دوژمنێکی باوە کوشتە دەم و سەعات هیچ درێغییەکی لە ئەشکەنجەدان و ئازاردانی ئەحمەد و ڕووبابەی دایک مردوو نەدەکرد. ئەوەی جێی سەرسوڕمانیش بوو، سەید جەعفەری باوکیان، لەبری ئەوەی لانی کەم ڕۆڵی ناوبژیکار ببینێ، لەنێوان ژنە تازەکەی و دوو جگەر گۆشەکەی، کەچی دەکەوتە لای ژنەکەی دژ بە منداڵەکانی و لەگەڵ ڕوقیا سوڵتان بەشداری لە ئازاردانی کوڕ و کچەکەی دەکرد.

سەید جەعفەر لە تەمەنی گەنجێتیدا ئەو دوو منداڵەی خستبوویەوە بەو بڕوایەی خوایەک منداڵ بدات نانیش دەدات و هیچ دەمێکی کرایەوە بێ نان نامێنێتەوە، بەڵام ئێستا کە لێیانی دەڕوانی بەلایەوە سەیر بوو ئەو منداڵانە هی ئەون و بەردەوام دەچووە نێو فیکر و خەیاڵی ئەوەی چۆن هەردووکیان لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و لەسەر سفرەی خۆی دووریان خاتەوە و بە دڵێکی ئاسوودە لەگەڵ ڕوقیا سوڵتان بە تەنیا بمێننەوە. لەو بەدواوە، کە خەیاڵی باوکیان خوێندبووەوە، سەید ئەحمەد و ڕووبابە لە ماڵە بابیاندا خۆیان وەک دوو کەسی بێگانە دەبینی و ژیان لە دەمیاندا وەک ژەهری مار تاڵ بووبوو! هەر بۆیە هەردووکیان زیاتر هۆگری یەک بوون. ڕوقیا سوڵتان هەر بۆ ئەوەی ئەو کوڕ و کچە لە ژیانی خۆیان دووربخاتەوە، ئەوانی پەستابووە ئەو ژوورە بچووک و تاریک و شێدارە کە دەکەوتە هنداو عەمباری ئاوەکە و هەر لەبەر ئەوەش دوو مانگ دەبوو ئەحمەد تووشی ئازاری پێیەکانی بووبوو، هەرچەند دوعا و نووشتەیان بۆ کرد، سوودی نەبوو. بە ڕۆژیش گۆچانەکەی بەدەست دەگرت و بە شەلەشەل دەچووە دوکانە پینەدۆزییەکەی و پێڵاوی خەڵکیان چاک دەکردەوە، ڕووبابەش بە درێژایی ڕۆژ، بێ ڕاوەستان کارەکانی ناو ماڵی دەکرد و دڵی بەوە خۆش بوو ئێوارە براکەی کە تاکە هاودەمی ئەو بوو، دێتەوە ماڵ و سەریان بەسەریەکەوە دەنێن. دەمەوئێوارە کاتێک ئەحمەد دەگەڕایەوە ماڵ، ئەگەر کارێکیان بە ڕووبابە بسپاردبایە، ئەوە ئەحمەد تاوی کارەکەی دەدا و لە باتی خوشکی دەیکرد. ئەگەر ڕووبابە بە هۆی ماندووبوونی بگریابا، ئەویش لەگەڵی دەگریا و ئەگەریش ئەم لەتاو ئازاری قاچەکانی بگریابا ڕووبابەش لەگەڵی دەگریا، کە شەویش دادەهات هەردووکیان پێکەوە خۆیان دەخزاندە نێو ژوورە تاریکەکەیان و لە سووچێکدا دادەنیشتن و نانی ئێوارەیان دەخوارد و دواتریش لێفەکەیان ڕادەکێشایە سەرخۆیان و هەتا ماوەیەک دەرد و ئازاری نێو دڵیانیان بۆ یەکدی هەڵدەڕشت. ڕووبابە باسی سەختی کاری ڕۆژانەی ناوماڵی دەکرد و ئەحمەدیش ماندووبوونی خۆی بۆ دەگێڕایەوە لە دوکانی پینەچێتییەکەدا. هەموو شەوێکیش باسی هەڵاتنیان لەم ماڵە هەر دەکرد، چونکە بڕیاریان دابوو ئەم ماڵە پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەیە جێ بهێڵن. ئەوەی زیاتر چووە بن باڵیان بۆ هەڵاتنەکەیان "عەباس ئەرەنگەیی" هاوڕێی کاری ئەحمەد بوو. ئەو هێندە باسی لە هەرزانی و ئاسوودەیی و خۆشیی ژیان لە گوندەکەیان بۆ ئەحمەد کردبوو، بە شێوەیەک ئەحمەد لەنێو تەنیایی خۆیدا دەچووە نێو خەیاڵ و داڵغەی خانووەکانی لادێ و ژنە دەڕپێ سوورەکانی لادێ و کێو و شاخە پڕ لە سەوزاییەکان و کانیاوە زوڵاڵەکان و ژیانی هاوین و زستانەکانی لادێ، کە عەباس بە تامو چێژێکی زۆرەوە بۆی دەگێڕایەوە، هەموو ئەوانەی لەنێو زەینی خۆیدا وێنا دەکرد و بە ڕادەیەک شەیدای ژیان لە گوندی "ئەرەنگە" بووبوو، بیرۆکەی هەڵاتنی خۆی و خوشکەکەی لای عەباس درکاند و عەباسیش پتر هانی دا. سەرەنجام ڕێککەوتن هەرسێکیان پێکەوە سەری خۆیان هەڵبگرن و بچن لە ئەرەنگە دەست بە ژیانێکی نوێ بکەن.

هەموو شەوێک ئەحمەد، حیکایەتی هەڵاتنیانی بۆ ڕووبابەی خوشکی دەگێڕایەوە و هەموو جارێکیش هەر بە یەک شێواز دەیگێڕایەوە، ڕووبابە لە خۆشییاندا تەڕاییەکی ڕەونەقدار دەکەوتە نێو نیگاکانی. کاتێ بە سەرسامییەوە لە براکەی ڕادەما، لەنێو زەینە سادەکەیدا خەیاڵات و بیرۆکەی سەیر و سەمەرەی دادەڕشت، چونکە تەنیا یەک جار سەفەرێکی کردبوو، ئەویش بۆ زیارەت چووبوونە سەر گۆڕ و مەزاری سەید مەلیک خاتوون. هەرجارێکیش کە باس لە "ئەرەنگە" دەکرا ڕووبابە دەکەوتەوە یادی ئەو ڕۆژەی چێشتی هەڕشتەیان لێ دەنا، هێشتا دایکی لە ژیاندا بوو، ئەویش هێندە سەری نابووە دوای "تاج"ی کچە دراوسێکەیان، کەوتبووە سەرزەوی و نێوچەوانی بریندار بووبوو. ئەو وا یەدزانی "ئەرەنگە"ش شوێنێکە وەک مەزارگەی سەید مەلیک خاتوون و بەڵێنی ئەوەی بە براکەی دەدا هەموو هێز و توانایی خۆی بەکار دێنێ و بۆ یارمەتیدانی ئەو کار دەکات. ئەحمەد هەتا ئێستا لە کرێی ڕۆژانەی کارکردنیدا یازدە تومەن و شەش

قڕانی پاشەکەوت کردبوو، ئەگەر شەش تومەن و چوار قڕانی دیکەی پاشەکەوت بکردایە، دەیتوانی مانگایەک و دوو بزن بکڕێ، ئەوجا دەچوونە ماڵی عەباس، لەوێ بە ڕۆژ زەوییان دەکێڵا و دایاندەچاند و بەروبوومەکانیان دروێنە دەکرد و ڕوبابە شیری مانگاو بزنەکانی دەدۆشی و دەیکرد بە ماست و توویان وشک دەکردەوە و ئەحمەدیش لە زستاندا پینەچێتی پێڵاوانی دەکرد و لە ماوەی دوو ساڵدا دەیانتوانی، وەک ئەوەی عەباس دەیگوت، بە دەسترەنج و داهاتەکەیان بۆ خۆیان زەوی و خانوو بکڕن.

پاییز و زستان و بەهاریش تێپەڕی، ئەحمەد بۆ ڕۆژی هەڵاتنەکەیان وردە وردە پاشەکەوتەکەی زیاد دەکرد و ڕوبابەش هەر وردە شتێکی بە کەڵکی بکەوتبایە بەردەست، هەڵی دەگرتەوە و دەیخستە نێو سنووقە چکۆلانەکەی بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵاتنەکەیان بە کەڵکیان بێت. ئیدی وایان لێ هات، شەوان بەدەم ورێنەی ئەو ڕۆژەوە خەو دەیانبردەوە کە ئەم ماڵە جێ دێڵن و بەدوای ژیانێکی نوێدا دەچن.

بەڵام پێشهاتێک ڕووی دا و ڕۆژێکیان "مەشهەدی غولام"ی دانەوێڵە فرۆشی سەری کۆڵانەکەیان کە ڕوبابەی بینیبوو، دایکی نارده ماڵیان بۆ خوازبێنیکردنی. سەید جەعفەری باوکی و ڕوقیا سوڵتانی زڕدایکی کە لە خوایان دەویست، هەر زوو ڕەزامەندییان دەربڕی، بەڵام ئەم پێشهاتە کاریگەرییەکی خراپی خستە ناو مێشکی ئەحمەد. ئەو ئەگەر لەبەر خاتری خوشکەکەی نەبوایە و ڕەچاوی دۆخی ئەوی نەکردبایە دوو ساڵ لەمەوبەر ئەو ماڵەی جێ دەهێشت و سەری خۆی هەڵ دەگرت و دەڕۆیی.

ڕوبابە کە هەستی بەو نیگەرانییەی براکەی کردبوو، بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێ مەشهەدی غولامی خۆش ناوێ و ڕازی نابێ شووی پێ بکات، زیاتر دەور و خولی براکەی دەدا و خۆشەویستی بۆی دەردەبڕی. هێندەش زێدەڕۆیی دەکرد، ئەحمەدی برای بێزار کردبوو. ئازاری قاچەکانی ئەحمەدیش، کە تا دەهات زیاتر دەبوو، ئەوی پتر خەفەتبار و مات و گۆشەگیر کردبوو.

ڕۆژێکیان بە مەبەستی زیارەتی مەزارگەی "شا عەبدولعەزیم"، سەید جەعفەر و ڕوقیا سوڵتان لە ماڵێ بەرەو ئەوێ دەرچوون و نیەتیان وابوو شەویش لەوێ بمێننەوە، ڕوبابە لەوەیا کە زڕدایکی شەو و ڕۆژێک لەماڵ نابێ، لە خۆشییان پێیەکانی عەردیان نەدەگرت، تەنانەت کەوتە خۆ ڕازاندنەوە و هەندێک لەو سپیاوەی بەر لە ماوەیەک لە زڕدایکەکەی دزیبوو، لەدەم و چاوی خۆی هەڵسوی، بەڵام ئەو ڕۆژە سەید ئەحمەد درەنگتر لە ڕۆژانی دی گەڕایەوە ماڵەوە.

هەرچەندە ڕوبابە بەو خۆ ڕازاندنەوەیەی بە شێوەیەکی جیاوازتر کەوتە بەرچاوی سەید ئەحمەد، بەڵام ئەو بیرکردنەوەیەش ئازاری دەدا کە، وا تێگەیشتبوو ڕوبابە ئیدی، چونکە داخوازی کراوە، خۆی وەک کچێکی ئازاد دەبینێ کە بڕیار وایە بەم زووانە ببێتە ژنی مەشهەدی غولام و تا ئێستاش، بەبیانووی هەڵهاتن لە ماڵەوە فێڵی لێی کردووە و لە خشتەی بردووە و ئێستا کە مێردی بۆ پەیدا بووە، چیدی بیر لە هەڵاتن ناکاتەوە. هەر کە ڕوبابە براکەی بینی بەرەو پیری غاری دا و پێی گوت:

– نیگەرانت بووم، دڵم وەک نیسکێنەی سەر ئاگر بڵقی دەدا، بۆ ئەمشەو وا درەنگ هاتیتەوە؟

– لەگەڵ عەباس بووم.

– کاکە، بابەو ئەوان ئەمشەو نایەنەوە.

– دەزانم.

– دەمت بۆنی دێ، چیت خواردووەتەوە؟ بۆ چاوەکانت وان؟ ناساغی؟

– نە، خواردوومەتەوە. عەباس بەخورتی شەرابی دەرخوارد دام.

– دەرمانت خواردووە؟

– چی بکەم قاچەکانم خەریکە زەمینگیرم دەکەن!

– گوێت لە باوکم نەبوو، ئەو ڕۆژە کە بۆ خەڵکی قسەی دەکرد لەبارەی شەراب خواردنەوەوە چی دەگوت؟

– ئەو قسانەی بۆ کاسبیکردنە! خۆ تۆ خۆت لە زمانی ماه سوڵتان گوتت ئەو شەوەی دایکمانی خنکاندووە سەرخۆش بووە. ئەو قسانەی بەناوی ئامۆژگاری ئایینی بۆ خەڵکی دەیکا، بۆ کاسبیکردن و پارە پەیدا کردنە. ئەگەر لە دوکانەکەی تەنیشتمانەوە پێڵاوی دروستکراو لە پێستی گامێش بکڕن من هەزار و یەک عەیب و ئیرادی لێ دەبینمەوە بۆ ئەوەی پێڵاوی دوکانی خۆمان بفرۆشم. کاسبیکردن و ڕاستگۆیی دوو شتی لێک جیاوازن.

– بەشکەم دوکتۆر پێی گوتبێ بخواتەوە!

– دوکتۆر بۆ بە من ناڵێ؟ من خۆ هێشتا جحێڵم و ئازاریشم لەو زیاترە. ئەو تەمەنی گەیشتووەتە شەست

ساڵ. بەئارەزووی خۆی ڕاییواردووە، چی فێڵ و تەڵەکە هەیە دریغی لێ نەکردووە. تێ دەگەی؟ ئەوجا تەنیا ئازاری قاچەکانی بە میرات پێ داوم. ئەگەر شەراب بۆ ئازارەکانی قاچ دەرمانە، ئەی من بۆ نەیخۆمەوە؟ درۆیە! ئەو قسانە هەمووی درۆیە.

– ئەدی ناچینە ئەرەنگەی؟

– بۆ شەراب نەخۆمەوە؟ بەم حاڵەمەوە خۆ من ناتوانم لە شوێنی خۆمدا بجووڵێمەوە، هەتا دێ ئازارەکانم توندتر دەبن. دوو ڕۆژی دیکەیە تۆش دەچیتە ماڵی غولام، من بە تەنیا دەمێنمەوە. لەو ماڵەدا خەریکە ڕوحم دەردەچێ. دەمەوئێواران، دەڵێی بە زۆری کوتەک دەمهێننەوە ئەم ماڵە، دەمەوێ بڕۆم، سەر بنێمە چۆڵی و بیابان، بۆ شەراب نەخۆمەوە؟

پاشان لە هێکڕا هەردووکیان وسکت بوون. چەند خولەکێک دواتر خواردنی ئێوارەیان خوارد و پێخەفیان لە حەوشە، لە تەنیشت حەوزی ئاوەکەوە ڕاخست و خزانە ژێر لێفەوە. ڕوبابە کەیفخۆش بوو، خێرا خێرا تۆوی دەتروکاند و گۆرانی دەگوت:

**"دەمەوێ بچمە ئەرەنگێ"**

**قاچێکی کەرەکەم دەلەنگێ"**

ئەوجا دەتریقایەوە و قاقا پێدەکەنی، بەڵام ئەحمەد نوقمی نێو خەم و گرفتارییەکانی خۆی بوو، وایدەزانی ڕوبابە تانە لە لەنگی و شەلینەکەی ئەو دەدا.

ڕوبابە دیسانەوە گوتی:

– ئەمشەو من و تۆ تەنیاین، کە چووینە ئەرەنگەی هەموو ڕۆژ بۆ خۆمان تەنیا دەبین. باجی بەدیار سەرمانەوە نابێ. تەنیا من و تۆ دەبین بە تەنێ. وانییە کاکە؟

ئەحمەد لە وەڵامی خوشکیدا بزەیەکی نابەدڵی خستە سەر لێوەکانی. ڕوبابە وای لێکدایەوە هۆی بێ تاقەتییەکەی برای، ئازاری دڵپڕووکێنی قاچەکانێتی.

بۆیە پێی گوت:

"بزانە، کاتێک هەڵاتین و لێرە قوتارمان بوو، لەوێ، لە ئەرەنگەی من بەدیارتەوە وەک پەرستارێک بایەخت پێ دەدەم، قاچەکانت چاک دەبێتەوە. خۆ ماه سوڵتان گوتی ئازاری قاچەکانت هی باکردنەکەیەتی. دەبێ شتی گەرم بخۆی. ئاگاداربە نەوەکا لەکاتی تەنگانەدا، کە دەمانەوێ هەڵبێین قاچەکانت ئازاریان تێ بکەوێ و نەتوانی بە ڕێگادا بڕۆی و لێمان ئاشکرابێ؟

" نە، قاچەکانم عەلەم و بەڵایان لێ نییە، بەڵام هیچ پێوەندییەکی بەتۆوە نییە، ئەتۆ خۆ مێردی دەکەی!

" سوێند بە جەددم وانییە، قەت نابینی من شوو بە غولام بکەم، لەگەڵ تۆ دێم.

مانگە شەو کەوتبووە هەورازایی ئاسمان. ئەستێرە بچووکەکان لە بنی ئاسمانەوە دەبریسکانەوە. ڕوبابە بە ئارەزووی دڵی خۆی قسەی دەکرد و دەتریقایەوە و کوڵم و گۆناکانی سوراییان تێ زابوو. ئەحمەد هیچ کاتێک ڕوخساری خوشکەکەی ئاوها هەستبزوێن و وروژێنەر نەبینیبوو، بۆیە بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانی!

ئەحمەد بە تەوسەوە لێی پرسی:

– دەنگ و باسی مەشهەدی غولام چییە؟

– ئومێدەوارم بکەوێتە بن دەستی مردووشۆر و دوای ببڕێتەوە، یاخوا دایکی لێ بمرێ!

– نانا، وا مەڵێ، تۆ خۆت بەو ڕازی و ئەوت دەوێ!

– سوێند بە جەددم وانییە، من بێجگە لەتۆ هیچ بنیادەمێکم خۆش ناوێ.

– درۆ دەکەی!

– بە خوا درۆ ناکەم، هەر ساتێکیش بەڕێ بکەوی بۆ هەڵاتن، منیش لەگەڵت دێم.

– هەفتەی داهاتوو، نەء دووسبەی دەڕۆین.

– بەو قاچانەتەوە؟!

– ئەها، بینیت چۆنم زانی نایەی لەگەڵم؟ هەر لە سەرەتاوە زانیبووم تۆ پێم ڕادەبوێری قەشمەریت پێ کردم!

– تۆ وا دەزانی من درۆ دەکەم کاکە؟ هەستە با ئێستا بڕۆین.

– ئێ، بچینە ئەوێش خۆ هەر تۆ شوو دەکەی. لە گوندی ئەرەنگێشدا پیاوگەلی تێکسمراو و فەحل و بەخۆوە و جوانکیلە و سوور و سپی لێیە، تۆ هەر دەتەوێ.

– بەڕاست، من عەباسم نەبینیوە.

ئەحمەد، کاتێ ئەو قسانەی دەکرد، گوپەکانی سوور هەڵگەڕابوون. بە زەحمەت هەناسەی دەدا. پەنجەکانی دەلەرزین و قورگی وشک هەڵگەڕابوو. ڕوبابە سەرنجی لەسەر ئەو نەبوو، هەر درێژەی بە قسەکانی دەدا:

– سوێند بە جەددم قەت شوو بە مەشهەدی غولام ناکەم. خۆ دەبێ کە هاتە داخوازیم "بەڵی"ی بۆ بڵێم، ئێ

ناڵێم! پاشانیش ئەو پیرەمێردێکی ناحەز و ناشیرینە. ماھ سوڵتان گوتی دوو ژنی دیکەی ھەیە. من ئەوم ناوێ لەگەڵ تۆ دێم دەی پێم بڵێ، ئەو گوندی ئەرەنگێیە زۆر دوورە؟

– نە، لەپشت ئەو شاخانەوەیە، پاشانیش ئێمە بە وڵاغ و شت دەڕۆین.

– ئەو شاخە شین و مۆرانە دەڵێی کە دەچینە سەربان لێمانەوە دیارە، دەزانم بەفریان لەسەرە. بەڕاست، من دەزانم بەفر بە ماستیش دروست بکەم. ژنەکانی ئەوێ چۆنهایین، ھا؟ لادێین. لەبیرمە، نەنە نادعەلی جاربەجار دەھاتە لامان، لەبیرتە؟ ئەھا ھێشتا دایکمان لە ژیاندا بوو، ئەویش خەڵکی لادێ بوو وەک ئەوان دەئاخاوت، کاکە، پێم بڵێ بزانم، ئەگەر مانگامان کڕی من خۆ نازانم بیدۆشم.

ئەحمەد بە وردی لێی ڕامابوو. ڕوبابە گوتی:

– من کەوشە چەرمییەکە و تاکە بازنگێکم کە دایکم کاتی خۆی وێیدابووم، سێ دانە مورووی لەسەرە، ئەوانیشم پێچاوەتەوە. زستانان تۆ کەوش دروست دەکەی، ئێ وانییە؟

ئەحمەد سەرێکی بۆ لەقاند.

– تۆ ژنێکی دێهاتیش دێنی کاکە، وانییە؟!

ئەحمەد بە شێوەیەکی زۆر جیاواز لە جاران لێی ڕادەما. ڕوبابە ھەستی بەو گۆڕانکارییە لە ڕوانینی براکەی کردبوو بۆ سەرخۆی، بەڵام بە کەللەڕەقی دەیویست پێداگری بکات لە بە قسەھێنانی براکەی. گینگڵێکی دایە خۆی و دەستی کردەوە بە گۆرانی گوتن:

**"منم.. منم.. بلبلی سەرگەردان**

**"ھاتوومەتەوە لە شاخ و کێوان**

**"زڕدایک بە ئازارەوە کوشتوومی**

**"باوکێکی ناپیاو بەزیندوویی ناشتوومی**

**"خوشکی دڵسۆز**

**"ئێسقانەکانمی بە گوڵاو شۆردووە**

**"بۆ ژێر سێبەری گوڵاندای بردووە**

**"منم.. بوومەتە بلبلێکی بێ پەڕ و باڵ"**

ئەوە ھەمان ئەو گۆرانییە بوو، سێ ساڵ لەمەوبەر، لە ژوورەکەی ھنداو عەمباراوەکەوە پێکەوە دەیانچڕی، بەڵام ئەمشەو بە میزاجی ئەحمەد خۆش نەھات و زیاتر تووڕەی کرد. وەک ئەوە وابوو خوشکەکەی، بە چڕینی ئەو گۆرانییە تێی بگەیەنێ، ئیدی ئەو شوو دەکات و دەڕوا، بەڵام تۆ زەمینگیر دەبیت و وەک پەککەوتەیەک دەکەویتە ناو جێگا و پلانی ھەڵاتنەکەشمان پووچەڵ دەبێتەوە.

ڕوبابە دیسان گینگڵێکی دایەوە خۆی و گەڕایەوە سەر ئەم لا تەنیشتەوە و گوتی:

– ئەمشەو ھەوا فێنکە، دەستت بدەرە من.

دەستی براکەی لەنێو دەستەکانی گرت و نایە سەر ئەوکی، بەڵام پەنجە ساردوسڕەکانی ئەحمەد، وەک مارێکی سڕ کە گەرمای پێگەیشتبێ و گیانی وەبەردا ھاتبێتەوە کەوتە جووڵەو لەرزینەوە. لەوساتەدا بەرچاوی لێڵ و تاریک داھاتبوو. کەوتبووە ھەناسەبڕکێ. لاجانگەکانی ئاگریان تێ زابوو. دەستی ڕاستەی بێ ویستی خۆی بەرز کردەوە و بە توندی لە دەوری قوڕگی ڕوبابەی ئاڵاند. ڕوبابە گوتی:

– ئاوھا سەیرم مەکە، لێت دەترسێم!

چاوەکانی نووقاندە سەریەک و بە منگەوە گوتی:

"تۆی، چاوەکانت، وەک باوکمت لێھاتووە"!

پاشماوەی قسەکانی لەنێو دەمیدا مایەوە، چونکە دەستەکانی ئەحمەد زۆر گورجوگۆڵ و بە جووڵەیەکی خێرا دوو کەزییەکەی ڕوبابەی گرت و لە دەوری ئەوکی خوشکەکەی ئاڵاند و بەھەموو ھێزییەوە ڕایکێشا! ڕوبابە ھاواری لێ ھەستا، بەڵام ئەحمەد قوڕگی لەنێو پەنجەکانیدا گوشی و چەندان جار سەری ڕوبابەی بە بەردەکەی لێواری حەوزەکەدا کوتا. کەفێکی خوێناوی کەوتە سەر دەمی و ھەست و خوستی لێ بڕا و کەوتە سەر ئەژنۆکانی براکەی، ئەوجا ئەحمەد ھەستایەوە و بێ گۆچان، چەند ھەنگاوێک ڕۆیی، پاشان وەک ئەوەی تنۆکێک ھێزی تێدا نەمابێ کەوتە سەر زەوی.

سبەینێی ڕۆژی دواتر، تەرمی بێ گیانی ھەردووکیانیان لە حەوشەکەوە بەتەنیشت حەوزی ئاوەکەوە دۆزییەوە.

**سەرچاوە:**

**"سە قطرە خون"، صادق ھدایت، طھران، ١٣١١ ھ (١٩٣٢ز)، چاپ امیر کبیر.**

# بنیادی سروشتگەرایی لە "چڕنووک"ی سادق هیدایەت دا



**سادق هیدایەت**

وا پێدەچێ "ڕێبازی سروشتگەرایی، یان ناتۆرالیستی لە نووسینی چیرۆکدا" لە ڕۆژی ١٦/ی نیسانی ١٨٧٧ لە چێشتخانەی "تراپ" لەسەر مێزی خوانێکی ئێوارەدا، کە گۆستاف فلۆبێر، ئێدمۆن دۆگینکۆر و ئیمێل زۆلا لە دەوریدا کۆبووبوونەوە، هاتبێتە کایە و ئەم ناوونیشانە کە لە زمانی زانست و فەلسەفە و ڕەخنەی هونەرییەوە وەرگیرابوو، لەوێ ڕۆژێوە خۆی کردبێ بەنێو ئەدەبیاتدا.

بە گوتەی ڤیکتۆر هۆگۆ، نووسەری ڕۆمانی "لانەوازان": "ڕێبازی سروشتگەرایی هەوڵ دەدا بە هەمان شێوە لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرەدەری بکات کە زانایانی زانستە سروشتییەکان لەگەڵ گیانلەبەراندا دەیکەن."

یان وەک "ئیمێل زۆلا نووسەری ڕۆمانی "چێژی ژیان" دەڵێ: "سروشتگەرایی هاوکات کە جۆرێکە لە جوانناسی، وەفاداریشە بە ڕاستی و بەخشینێکی پێویستی ئەدەبییە بە فەلسەفەی ئەرێنیگەرایی "پۆزەتیڤیسم" و دواجار چەشنێکە لە گواستنەوەی میتود و شێوازەکانی مێژووی سروشت بە چیرۆک و ڕۆمان" فەلسەفەی سروشتگەرایی " بینینی وردی سروشتە.

ئەو وتارانەی کە ئیمێل زۆلا لە ساڵی ١٨٦٥ لە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکردنەوە باسوخواسی سەرهەڵدانی "سروشتگەرایی" پێوە دیاربوو. لەو وتارانەدا ئیمێل زۆلای جحێل ئەم دەستەواژەیەی وەک "ڕێچکە و ڕێبازێک" بەکارنەدەهێنا ، بەڵام ئەو میتودەی کە پاشتر دەیویست بۆ بەرهەمەکانی خۆی هەڵبژێرێ، نزیکە بگوترێ بە شێوەیەکی لێبڕاو دەری دەبڕی.

بەم شێوەیە وا بیر دەکاتەوە، نووسەر دەبێ فانتازیا و خەیاڵ بە یەکجارەکی بەلاوە بنێ، چونکە:

"هەروا کە لە ڕابوردوودا دەیانگوت فڵانە نووسەر خەیاڵێکی بەهێزی هەیە ، دەمەوێ لەمەوبەدوا بگوترێ کە فڵانە نووسەر هەستێکی بەهێزی واقعبینی هەیە. پێناسەیەکی لەم چەشنە لەبارەی نووسەر گەورەتر و ڕاستتریشە".

خاڵێکی دیکەی کە سروشتگەراییەکان تێکەڵ بە ڕۆمانەکانیان کرد و زۆریش پێداگرییان لەسەر کرد "کاریگەریی بۆماوەیی" لەلایەنی دۆخی دەروونی کەسەکان بوو ، چونکە لەو بڕوایەدابوون دۆخی جەستەیی و دەروونی هەرکەسێک لە دایک و باوکییەوە بۆی ماوەتەوە و بۆی گواستراوەتەوە. "وەک ئەوەی لە کورتە چیرۆکی «چڕنووک»ی سادق هیدایەت دا دەبینرێ".

کەواتە هەموو هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە پەیکەرەی جەستەی ڕوودەدا و دۆخی جەستەییش بە گوێرەی یاساکانی بۆماوەیی لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵەکانی دەگوێزرێنەوە.

ئیمێل زۆلا ئامۆژگاری دەکات: "لە چیرۆکەکانی سروشتگەرادا ، دۆخی میزاجی کەسەکان بخوێننەوە، نەک ئاکار و دابونەریتیان، دواجار مرۆڤ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی دەماروخوێن."

زۆلا دیسان دەڵێ: "ڕۆماننووس لێکۆڵەری مرۆڤ و لایەنە سۆزداریەکانیەتی" ڕاستییەکەی زۆلا ڕای دەگەیەنێ: "سروشتگەرایی لە ئەدەبیاتدا توێکاریکردنێکی وردە و لە هەمان کاتدا قبوولکردن و وێنەهەڵگری ئەو شتەیە کە بوونی هەیە، سروشتگەراکان سەرەڕای خستنەڕووی بابەتی هەژاری و ئازارەکانی چینە پەراوێزخراوەکان، دەکەونە وێزەی بابەتەکان لەنێو بازنەیەکی پان و بەرینتردا. ئەوان دیدێکی زۆر داسەپێنەرانەیان لە بارەی پێکهاتەی کەسێتی تاکەکان هەیە، دەسپێکی سەرهەڵدانی ئەو بیرکردنەوە ئەدەبییە، هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانکارییە هزری و ئابووری و سیاسییەکان لە فەڕەنسادا.

ڕاستییەکەی ساڵەکانی ١٨٥٩-١٨٦٠ مەوداکانی دەرچوونی فەڕەنساییەکان لە چەقبەستوویی و سستی و خاوی و بێ جووڵەیی و هەستانەوەی سەرلەنوێی کۆماریخوازان بوو. درووشمی فەڕەنساییەکان "ئازادی" بوو. ئازادی لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت لە بواری ئایینیدا و لە ئەنجامدا ئاکاری کۆنباو و نەریتییان ڕەت دەکردەوە.

ڕەزا سەید حوسێنی "ڕەخنەگری ئێرانی لە بوارەکانی ئەدەب" لە بەرگی یەکەمی کتێبی "ڕێبازە ئەدەبییەکان" دا دەنووسێ: "سروشتگەرایی بۆ ئیمێل زۆلا لە سەرووی هەموو شتێکیدا جۆرێک لە دژایەتیکردنی کڵێسابوو، هەروەها کۆتاییهێنان بوو بە قەدەغە و "تابۆ"کان. گەڕانەوەی ناوبانگ و ئابڕووبوو، یان باشتر وایە بڵێین شێوازێکی نوێیە بۆ ئاخاوتن و ژیان بەخشینەوە پێی. بەمانا سادە و سروشتییەکەی لەپێناو هاوسەنگی تاکی مرۆڤە و گرینگتر لەوەش هاوسەنگی کۆمەڵایەتییە. لەبەر ئەوەی ئیمێل زۆلاش هاوشێوەی ڕۆژنامەنووسان و زۆربەی نووسەرانی سەردەمی خۆی، لەو باوەڕەدابوو کڵێسا ڕەچەڵەکی خەڵکی تێکداوە و لە دەسەڵاتی فەڕەنسای کەم کردووەتەوە.

ئەوەی ئیمێل زۆلا پێشنیاری دەکات بە پلە یەک خستنە ناوی شێوازەکانی زانستە سروشتییەکانە بۆ ناو ئەدەبیات، هەروەها سوود وەرگرتنە لەو زانیارییە نوێیانەی ئەو زانستە پێی گەیشتووە.

ئیمێل زۆلا بیرۆکە و تێزی خۆی بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

"کەسێک کە بە پشت بەستن بە ئەزموون کار دەکات لێکۆڵەری سروشتە".

هەروەها دەڵێ: "ڕۆمان بریتییە لە ڕاپۆرتی نامەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکان".

بە بڕوای ئەوان، هەموو تاکێک هەر لە هاتنە ژیانییەوە، بێ ویستی خۆی، کۆمەڵە سیفات و خەسڵەتێکی بە میرات بۆ دەگوێزرێتەوە وەک برسێتی و ئارەزووی جنسی. لە قۆناغەکانی دواتری گەشەکردنیشدا تاک دەکەوێتە ژێر کاریگەری تەوژمە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دەوروبەری خۆی. خێزان و چینە کۆمەڵایەتییەکەی هەرکەسێک، شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دیاری دەکەن.

د. حوسێن پایندە، نووسەر و ڕەخنەگری ئێرانی لە کتێبی "کورتە چیرۆک" لە ئێران و چیرۆکە ڕیالیستی و ناتۆرالیستیدا دەنووسێت: " ئەگەر هاوتەریب لەگەڵ ئەو دیدگا جەبری و سەپێنەرانەیە ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین، چوارچێوەی ئەدگار و هەڵسوکەوتی هەرکەسێک لە دەرەنجامی ئەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردە بووە، هەروەها بە شێوەیەکی جێندەری و بۆماوەیی لە دایک و باوک، یان لە باپیرانی بۆی ماوەتەوە، کەواتە تاک ناتوانێ بەهێزی ویست و ئیرادەی خۆی، ڕێگە و میتودێکی جیاواز لە باوک و باپیرانی پێڕەو بکات و ڕەوتێکی جیاواز لەوان بۆ ژیان بگرێتەبەر.

د. پایندە درێژە بە بۆچوونەکەی دەدا: "دەبێ سەرنجمان بخەینە سەر ئەوەی کە جەبر و سەپاندنگەرایی ناتۆرالیستی، هاوتەریب نییە، قەدەرگەرایی و باوەڕبوون بە قەدەرە، هەرچەندە مرۆڤ بە گوێرەی سروشتی دەروونی و سروشتی دەرەوەی خۆی کار و هەڵسوکەوت دەکات، چیرۆکە سروشتگەراییەکان بانگهێشتێکن بۆ بەرزەفتکردنی سروشت و بەخشینی ئاراستەیەکی نوێ و تازەیە بۆی.

کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکە سروشتگەراییەکان لە زۆربەی کاتەکاندا دیل و یەخسیری ویستە ئاژەڵییەکانی خۆیانن و ناتوانن پاوانخوازی، یان ئارەزووە سێکسییە بێ کۆتاییەکانیان کۆنترۆڵ بکەن. ئیمێل زۆلا لەبارەی کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکە سروشتگەراییەکان ئاماژە بەوە دەدات کە: " ئەوان کەسانێکن، لەژێر کۆنترۆڵ و کاریگەری خوێن و دەمارەکانی جەستەیانن و لە ئیرادە و

ویستی ئازاد داچۆڕاون، کە لەژێر کاریگەری یاساکانی نەگۆڕی سروشتی جەستەییان ناچار بە هەڵسوکەوتکردن دەبن. کۆمەڵە ئاژەڵێکن لە شێوەی مرۆڤ نە زیاتر." لەنێو چیرۆکە ناتۆرالیستی و سروشتگەراکاندا، مرۆڤەکان بە شەڕانگێزترین شێوە خۆیان دەنوێنن و لەگەڵ یەکتریدا بەدفەڕی و ناجسنی و بێ وەفایی دەکەن بێ ئەوەی دووچاری ئازاری ویژدان ببنەوە.

ڕاستییەکەی چیرۆکە سروشتگەراکان توێژینەوەیەکن لەبارەی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان، نووسەری چیرۆکە سروشتگەراکان هاوشێوەی زاناکانی زانستی کۆمەڵایەتین کە توێژینەوە لەبارەی دۆخ و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

د. حوسێن پایندە دەڵێ: "چیرۆکە سروشتگەراکان، مێژوونووسی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیان بوونە و ئێستا چیرۆکنووسی سروشتگەرا هاوچەشنی زیندەوەرناسێکە کە جۆرە زیندووەکان بە میتودێکی تەواو زانستی پۆلێنبەندی دەکات و تایبەتمەندی هەرکامێکیان دیاری دەکات.

پابەندی بە وەسفکردنێکی ڕاستەقینە بەو واتایەیە کە نووسەر نابێ خۆی لە دەرخستنی ڕاستگۆیانەی لایەنە کرێت و ناشیرینەکانی ژیان بدزێتەوە، هەربۆیە لە زۆربەی چیرۆکە سروشتگەراکاندا، نووسەر زمانێکی تاڵ و تیژ هەڵدەبژێرێ و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەموو شتێک و هەموو کەسێک دەخاتە نێو کەشێکی تاریک و ڕەشبینەوە.

ڕیوایەتکەری چیرۆکە سروشتگەراکان، زۆرجار بە حاڵەتێکی نابەدڵ، شەڕانگێزییەکان و ڕەزالەتەکانی کارەکتەرەکان شی دەکاتەوە و وەک بڵێی خستنەرووی لایەنە ئەهریمەنییەکانی مرۆڤ یەکسانە بە ئاخاوتن لە بارەی بابەتێکی ئاسایی و کەمبایەخ. چیرۆکە ناتۆرالیستییەکان زۆرینەی جاران بە دیمەن و ئەنجامێکی تراژیدی و خەمبار کۆتاییان دێ، بەڵام پێچەوانەی تراژیدیای سەردەمی کۆن، کە پاڵەوانەکان لەگەڵ خوداوەندەکان، یان دوژمنانی سەرسەخت دەجەنگان و لە کۆتادا سەردەکەوتن، کارەکتەری سەرەکی چیرۆکە سروشتگەراکان لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ چارەنووسێک کە دۆخێکی ژیاری و کۆمەڵایەتی - ئابووری بەسەریدا سەپاندوویەتی، بێ توانست و لاواز دەمێنێتەوە و لە کۆتایی چیرۆکەکەدا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لە بێ دەسەڵاتییەکی تەواو لەنێودەچێ. ژیان، چیرۆکێکی خەمناک و بێ مانایە کە تێیدا مرۆڤەکان لەنێو پیسیدا پەل دەکوتن و لە کۆتاییدا خۆیان ڕادەستی نابووتی و لەنێوچوون و نەمان دەکەن، وەک ئەوەی لە چیرۆکی "چرنووک" دا، سادق هیدایەت دڵەڕاوکێی گشتی خەڵکەکەی بە جوانی وەسف کردووە.

تایبەتمەندییەکانی دیکەی چیرۆکە سروشتگەراکان:

- بەتاڵە لە هێماکانی پۆست سروشت.
- نووسەر لە چیرۆکە ناتۆرالیستییەکاندا وەعز و ئامۆژگاری نادات و ڕاڤەی ڕووداوەکان ناکات و داوەریش لەبارەی کارەکتەرەکان ناکات.
- کارەکتەر و کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکە سروشتگەراکان هەرەزۆریان نەخوێندەوار، یان کەم خوێندەوارن و لە چینەکانی ژێرەوەی چینی مامناوەند، یان نزمترین چینی کۆمەڵگەن.
- درێژەدان بە ژیان لە هەرەزۆری چیرۆکە سروشتگەراکان یەکسانە بە درێژەدان بە ئازارێکی پرووکێنەری جەستەیی.
- لە چیرۆکە سروشتگەراکاندا، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پاوانخواز، هەوەسباز و دەسەڵاتخواز وێنا دەکرێ.
- لەنێو چیرۆکە سروشتگەراکاندا مرۆڤ بە جەبری، ناچارە خۆی ڕادەست و ملکەچی پابەندییە ژیارییەکان بکات
- چیرۆکە سروشتگەراکان ئەوە دەردەخەن کە تاک بێ سوود و بێهوودە خەیاڵ دەکات کە دەتوانێ بە ویست و ئیرادە و ئارەزووی خۆی لەگەڵ جیهان و سروشتی دەوروبەری خۆی ململانێ و جەنگ بکات.

لە نموونە زەقەکانی چیرۆکە سروشتگەراکان لە کورتە چیرۆکی ئێرانی، دەکرێ ئاماژە بە "بووکەڵە فرۆشی" نووسینی سادق چوبەک، "چرنووک" نووسینی سادق هیدایەت، " لەدایکبوون" نووسینی ئیسماعیلی فەسیح، " چوارڕیان" نووسینی هۆشەنگی موورادی کرمانی، " کرێ خانوو" نووسینی بوزورگی عەلەوی، " ئەم سەرمایە دەمکوژێ" نووسینی مەهدی ڕەجەبی، "چاوتێبڕین بە هەتاو" نووسینی محەممەد ڕەزا گودەرزی بکرێ.

کورتە چیرۆکی "چرنووک" نووسینی سادق هیدایەت بۆ

یەکـــەم جـــار لە ســـاڵی ١٣١١ی هەتاوی (١٩٣٢) بڵاوکـرایەوە. ناوەرۆکی چیـرۆکـەکـە لەبارەی خـوشـک و برایەکە بەناوەکانی سەید ئەحمەد و ڕوبابە، کە لەدوای مردنی دایکیـان "سوغـرا" و دووبارە هاوسەرگیـریکردنی باوکیـان "سەید جەعفـەر" لەگەڵ ژنێکی دیکەدا بەناوی "ڕوقیا سولْتان"، بە نیـازن لە ماڵەوە هەڵبێن و بچن بۆ لادێی ئەرەنگە "سـەرزەمـینی خـەونەکـانیـان" بۆ ئەوەی لەوێ لە ئازار و ئەشکەنجەکانی زڕدایک دووربن و ژیان بە ئاسوودەیی بەسەر بەرن.

"کە شەو دادەهات لە سووچێکی ژووره تاریکەکەیاندا، نانی ئێـوارەیان پێکەوە دەخـوارد و دەخـزانە ژێر لێـفـەو دەردی دڵی خـۆیان بۆ یەکـدی هەڵدەڕشت، ڕوبابە باسی لەو کارانە دەکرد کە لە ڕۆژدا ئەنجامی داون و ئەحمەدیش باسی لە کـارەکـانی خـۆی دەکرد. دواجـاریش سـەروبنی قسـەکـانیـان دەگەڕایەوە سەر بابەتی هەڵاتنیـان لە ماڵ، چونکە بڕیاریان دابوو لە مـاڵی بابیـان هەڵبـێـن. ئەو کەسەی بیرۆکەی ئەوانی هەڵێنجا "عـەباس ئەرەنگەیی" بوو کە دەیکردە هاوڕێی سەید ئەحمەد کە بە ڕۆژ پێکەوە لەنێو بازاڕدا کاریان دەکرد و عەباس بە بەردەوامی باسی بۆ ئەحمەد کردبوو کە ژیان لە ئەرەنگە هەم هەرزان و هەم خۆشە". (بڕگەیەک لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە)

چیـرۆکەکـە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت. لە بەشی یەکەمیدا، سەید ئەحمەد کە لە کارەکەی هەموو ڕۆژێکی لە پینەدۆزیدا بووەتەوە و گەڕاوەتەوە ماڵێ، لە قسەکردن لەگـەڵ خوشکیـدا، زانی کـە ئەمـڕۆش ڕوقـیـا سـولْـتـان تێروپڕی لە خوشکەکەی هەڵداوە و باوکـیـانیـش کـە لە ســـەرەتاکــانـدا بەدەم تریقـــەی پێکەنینەوە بە دیار کوتەکخواردن و لێدانەکانی ڕوبابەی کچی دەوەستا، ئەم جـارەیان پەلامـاری ڕوقـیـا سـولْـتـانی داوە و پەنجـەکـانی هێندەی بە دەوری قوڕگی ژنەکەیدا داگرتووە ویستوویەتی بیخنکێنێ.

"ئەمـڕۆ لە کـاتێکا ناو ژووری چێشت لێنانم گسک دەدا، لە چکی عـەباکەم لە ترارە فەخفـورییەکە گـیـربوو، ئەها ئەوەی نەخـــشی گـــوڵی ســـووری بەســـەرەوە نەخشێنرابوو، ئیدی جامەکەش بۆ خۆی کەوتە سەر عەرد و شکا، بریا لێـرە بوویتـایە و بتـبینیـایە "باجی" چی بە سـەرم هێنا، گـاور بە چاوی خـۆی نەیبـینێ، هەرجـارێ چنگی لەو کەزی و بسکەم گیر دەکرد قامک قامک قژی لە سەر و پرچم دەردەهێنا، سەرمی لەنێو دەستـەکـانیـدا گرتبوو بە هەمـوو هێزی خۆی بەو دیوارەیدا دەدا، جوێنی بە دایکم دەدا، دەیگوت ئەو دایکە گـــۆڕ بە گـــۆڕەت. باوکیشم بە دیارمانەوە وەستابوو هەر پێدەکەنی.

سەید ئەحمەد بە تووڕەییەوە گوتی: پێدەکەنی؟!.

"ئەوەندە پێکەنی، دەزانی دۆخی دەروونی تێکچوبوو، وەک یەکێ ئەقڵی خۆی لەدەست دابێ، تێکچوبوو. ئەها، مـانگێک پێش چی لێ هات. پاشان لە هێکڕا خـەریک بوو بەڵایەکـدا بکەوێ، کـەف کـەوتە سـەر دەم و لێـوی، ئەوجـا پەلامـاری باجی دا و هەردوو دەسـتی لە قـوڕگی گیـرکـرد و هێندە بە توندی ئەوکی گوشی، خـەریک بوو هەردووک چاوی باجی فلقەی بێ و دەرپەڕێ. ئەگـەر لەو دەمی "ماه سولْتان" نەگەیشتبایە دەیخنکاند. تازە زانیم دایکمانی چۆن کوشتووە"!

شەوقێکی سەوز لەنێو چاوەکانی سەید ئەحمەد بریقەی دایەوە و گوتی:

- کێ گوتی دایکمانی چۆن کوشتووە؟

- ماه سولْتان بوو، یەکەم کەس گەیشتە سەر تەرمی دایکم و ئەو دەیگوت ئەو کەزی و بسکەی دایکمی ئاوها بە دەوری قوڕگیدا ئاڵاندبوو، نەتبینی کـاتێ چڕنووکی لە بینەقاقای باجی گیر کرد.

سەید ئەحمەد هەروا کە نیگا غـەزەباوییەکەی بەسەر ڕوخساری پەشۆکاوی خوشکیدا چەقیبوو، هەردوو دەستە وشکهەڵگەڕاوەکانی خۆی وەک دوو گەڵای دار چنار بەرز کـردەوە، پەنجـەکـانی لێکدی کـرانەوە و وەک ئەوەی کەسێکی وەهمی لە هەوادا بێ و ئەویش پەنجەکانی لە ئەوکی گیـر بکات و بیەوێ بیـخنکێنێ، پەنجـەکـانی هەردوو دەستی تێکدا قفڵ کرد. ( لەناوەرۆکی چیرۆک)

لە بەشی دووەمی چیـرۆکـەکـەدا، گـێـڕەرەوە، سـەید ئەحمەد و باوکیمان پێ دەناسێنێ، پاشان باس لەو پلانە دەکات کە ئەحمەد بۆ هەڵاتنی خۆی و خوشکەکەی لە ماڵ دایدەڕێژێ. هەر لەم بەشـەدا ئاگـادار دەکـرێینەوە کـە "مەشـهەدی غـولام" دانەوێڵـە فرۆشەکەی گەڕەک نیازی وایە خـوازبێنی ڕوبابە بکات و هاوسـەرگیـری لەگـەڵدا بکات.

بەشی سێیەمی چیرۆکەکە کاتێک، ڕوودەدات کە سەید جەعفـەری"باوکیـان" و ڕوقیـا سولْتـانی "زڕ داکیـان" پێکەوە چوونەتە سـەر مـەزاری ئیـمـامـزادە شـاه

عەبدولعەزیم و شەویش لەوێ دەمێننەوە. هەر ئەو شەوە سەید ئەحمەد، ڕوبابە دەکوژێ و ڕۆژی دواتر تەرمی بێ گیانی هەردووکیان لە حەوشەی ماڵەوەیان دەدۆزرێتەوە.

دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵێکی دیکەی ناو چیرۆکەکە بکرێ کە ئەویش یەکەمیان "ئازاری قاچ"ی سەید ئەحمەدە و دووەمیان سوود وەرگرتنی لە گۆچان وەک هێمایەک بۆ نەخۆشی و ناساغی جەستەیی و لە درێژەی چیرۆکەکەدا لەوەش تێدەگەین کە سەید ئەحمەد، جۆرێکی دیکەی لە نەخۆشی دەروونی هەیە کە تەنیا لە کۆتایی چیرۆکەکە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ.

"چیرۆکەدا سروشتگەراکان بەو ناساغی و ئازارەی کە کارەکتەرەکانی دەیچێژن دەردەکەوێ".

لە بەشی دووەمی چیرۆکەکەدا و لەدوای خوازبێنی مەشهەدی غولام لە ڕوبابە، دڵپیسی و بەدگومانی سەید ئەحمەد لە خوشکەکەی سەرهەڵدەدا، کە بۆچی مەشهەدی غولام هاتووەتە خوازبێنی خوشکەکەی؟ ئایا ڕوبابە سووچبار و خەتابارە بە دواکەوتنیان لە هەڵاتن لە ماڵە بابیان؟

لە بەشە کۆتاییەکەی چیرۆکەکەدا ڕوون دەبێتەوە کە سەید ئەحمەد نەک تەنیا، بێ ویستی خۆی، دڵگرانە لە ئەگەری هاوسەرگیریکردنی خوشکەکەی و مەشهەدی غولام، بگرە هەبوونی هەر پیاوێک لەنێو ژیانی ڕوبابەی خوشکی پێ ناخۆش و مایەی نیگەرانی بووە. لە وتووێژێکدا کە لەنێوان خوشک و براکەدا ئاڵوگۆڕ کراوە، سەید ئەحمەد مێردکردنی ڕوبابەی بە جۆرێک لە ناپاکی، یان وەلاوەخستنی خۆی زانیوە: "سروشتگەرایی"

– دەنگوباسی مەشهەدی غولام چییە؟

– ئومێدەوارم بکەوێتە بن دەستی مردووشۆر و دوای ببرێتەوە، یاخوا دایکی لێ بمرێ!

– نانا.. وا مەڵێ.. تۆ خۆت بەو ڕازی و ئەوت دەوێ!

– سوێند بە جەددم وا نییە. من بێجگە لەتۆ هیچ بنیادەمێکم خۆش ناوێ!

– درۆ دەکەی! "لەناوەرۆکی چیرۆکەکە"

**هێماکانی سروشتگەرایی لە چیرۆکی چڕنووک:**

– وێکچوونی شێوازی کوشتنی ڕوبابە لەلایەن سەید ئەحمەد و شێوازی کوشتنی سوغرا لەلایەن سەید جەعفەر: "بۆ ماوەیی جەبر و سەپاندنی شێوەی ژیان".

– ئازاری قاچی سەید ئەحمەد لە باوکییەوە بۆی گوێزراوەتەوە: "بۆماوەیی".

– شک و بەدگومانی زاتیی باوک و کوڕ و مەیل و ئارەزووی زاتیی و دەروونییان بۆ ژنکوشتن و ئەگەری دووبارە بوونەوەی هەمان هەڵسوکەوتی شێتانە لەگەڵ ڕوقیا سوڵتان: "پەرچەکرداری سەپێنراو (جەبری)".

– شێتی و ئازار و مەرگ لە چیرۆکەکە و کۆتایی و ئەنجامی خەمناک لەکۆی چیرۆکەکە.

– ناوونیشانی خوازراوی چیرۆکی "چڕنووک": "سەید ئەحمەد هەروا کە نیگا غەزەباوییەکەی بەسەر ڕوخساری پەشۆکاوی خوشکیدا چەقیبوو، هەردوو دەستە وشکهەڵگەڕاوەکانی خۆی وەک دوو گەڵای دار چنار بەرز کردەوە، پەنجەکانی لێکدی کرانەوە و وەک ئەوەی کەسێکی وەهمی لە هەوادابێ و ئەویش پەنجەکانی لە هەوکی گیر بکات و بیەوێ بیخنکێنێ، پەنجەکانی هەردوو دەستی تێکدا قفڵ کرد.

"لە ناوەرۆکی چیرۆک"

چیرۆکی "چڕنووک" بنیاد و پەیکەربەندییەکی زۆر ئاڵۆزی نییە و ڕێڕەوی چیرۆکەکە وەک هێڵێکی ڕاست دەگێڕدرێتەوە.

ڕاستییەکەی چیرۆکی "چڕنووک" لە ڕواڵەتدا سادەو بێ گرێوگۆڵە، بەڵام مایەی تێڕامانێکی قووڵە.

**سەرچاوە:**

**سافتار ناتورالیستی در داستان «چنگال» اثر: صادق هیدایت، مصطفی بیان «انجمن داستان سیمرغ شاپور»، سایتی:** Ettelaat.